کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-11-2007 21:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وتەبێژێکی هەڵەوەڕ، جەمال عەبدوڵلا وەک مینا‌ک ... کاوە ئەمین**

حکوومەتی هەر وڵاتێک کە وتەبێژێک هەڵدەبژێرێت واتە بەناوی حکوومەتەوە قسە دەکات، دەبێت ئەو کەسە لە هەموو ڕوویەکەوە تەمام بێت. تەنانەت لە شێوەی جوڵانەوە و هەڵسووکەوتی و شێوەی بەکارهێنانی دەست و پەنجەوە، تێبگات کە ئەوەی لە دەمی دێتە دەرەوە لەسەر حکوومەت و تەنانەت نەتەوەکەشی دەکەوێت. کورد دەمێکە وتوویەتی:"مریشک هێلکەش دەکات و ڕیقنەش دەکات". بۆیە ئەگەر حکوومەتی هەرێم بە مریشکە کوردییەکی خۆمان بچوێنین ئەوا پڕ بە پێستییەتی، هەرچەندە هەتا هێلکەیەک دەکات ئەویش زیاتر بۆ بەرپرسەکان نەک میللەتە، دوو سبەتە (هین) دەکات، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی دوو وتەبێژ بۆ حکوومەت. جارێ کەس نازانێت حیکمەتی ئەوە چییە کە حکوومەتێکی بچکۆلانە و هێشتا ساو، دوو وتەبێژی بۆ چییە؟

حکوومەتی هەرێم کارێکی باشی کرد کە کەسێکی خوێندەواری وەکو کاک (خالید ساڵح) ی وەکو وتەبێژی خۆی هەڵبژارد کە هەموو سیفەتێکی کەسێکی دیبلۆمات و قسەزانی تێدایە و دەموچاوێکی خۆشەویستە تەنانەت بۆ ئەوانەیشی کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەواندا تەبا نییە. کاتێک کە قسە دەکات دەزانێت دەڵێت چی و، چی لە بەرژەوەندی کورد و حکوومەتی هەرێمدایە ئەوە دەڵێت و کەسێکی ڕاستگۆشە، چەند جارێک لەم دواییانەدا لە ڕاگەیاندنی سوێدەوە زانیاری بە ڕای گشتی سوێد داوە، جێگای خۆشحاڵییە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە کەسێکی وەکو جەمال عەبدوڵلا بەناوی حکوومەتەوە ئەوەی دەیڵێت نایڵێتەوە و زیاتر لە کەسێکی شەقاوە دەچێت تا کەسێکی دیبلۆمات و قسەکەری دەوڵەت، زۆر جاریش بە تایبەتی کە لەسەر باکووری کوردستان قسە دەکات لە قسەکەری ئەردۆگان دەچێت تا نێچیروان بارزانی، ئەوە جگە لەوەی کە بە بەردەوامی پەنجەیەکی هەڵدەبڕێت و هێندە فرەبێژە تف بە هەرچوار لای خۆیدا فڕێ دەدات و پەیتا پەیتا بەبیری خەڵکی دەهێنێتەوە دەڵێت: من حکوومەتم!

دیارە دەبێت ئەوە بڵێم کە لە نەدوور و نە لە نزیکەوە جەمال عەبدوڵلا و خالید ساڵح ناناسم و چەندە کارم بە زوورنایە هەر ئەوەندەش کارم بە کەسێکی وەکو (جەمال عەبدوڵلا) یە، هیچ کارێکی شەخسیشم بە خالید ساڵح نییە، بەڵام وەکو ئەوەی کە خۆم بەخەڵکی ئەو وڵاتە (کوردستان) دەزانم، شەرم دەکەم کە ڕۆژێک بە کەسێکی بیانی بڵێم ئ (جەمال عەبدوڵلا) وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، خوا بەوە ڕەحمی کردووە کە ئەم کابرایە تەنها لە تەلەفیزۆنە کوردییەکانەوە قسە دەکات.

سەیرە حکوومەتی هەرێم و سەرکردە کوردەکان چۆن دەتوانن ئەو خەڵکانە بدۆزنەوە و لە چوار دەوری خۆیان کۆیان بکەنەوە و ئابڕوی کوردی پێ بەرن، ئاخۆ لەسەر چ بنەمایەک خەڵکانی وا دادەمەزرێنن، ئاخر هەتا (دوکتۆر خالید ساڵح) یێک کە ڕوویەکی شارستانی حکوومەتی هەرێم نیشان دەدات دەدۆزیتەوە، دە پانزە جەمال عەبدوڵلا قووت دەبنەوە، کە حکوومەتت لێ دەکەن بە دێوێکی ناشیرن و ترسناک، تۆ بڵێی کەی ئەم حکوومەت و سەرکردە کوردانە بەهۆش خۆیان بێنەوە و ئەم پەرژینە دڕکاویانەی نێوان خۆیان و میللەت بشکێنن، تا خەڵک بەزۆر نەیانشکاندووە، با هەر هیچ نەبێت پەڕۆیەک لە سەددام دادرن، کام سەرکردەی گچکە و گەورەی کورد هەیە هەر هیچ نەبێت دوو دیژلمەی لەگەڵ سەددام نەخواردبێتەوە، بۆ دەبێت لە لاسایی کردنەوەی شتە ناشیرینەکان هەمیشە یەکەم بین، تکیایە حکوومەت (خالید ساڵح) ەکان زۆرتر کەن و هەڵەوەڕەکانش کەنارگیر کەن، خۆ هەموو ئەو وتە قوولابیانەی کە دەیڵێن نە بۆ بەرژەوەندی حکوومەت و نە بۆ میللەت، بەڵکو لۆ پارەیە، چەندە پارەیان دەوێت بیاندەنێ تەنها با بەناوی میللەتەوە قسەنەکن و ئابڕوی کورد نەبەن، سەیرە میللەتێک لەناو ئەو "وانێکانەدا" بژی و نەغرۆ نەبێت!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.